# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 5 | ئەیلولی 2010


## لــەم ژمارەیـــــەدا


پەیامی ئاشتی لەسەر قەڵای هەولێر دەدرەوشێتەوە ... 1

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق یادی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر دەکاتەوە ............................ 2

وەڵامی ڕزگاربوویەکی توندوتیژی: یارمەتیی گەنجی عیراق بدەن بۆ دروستکردنی ئاشتی لە عیراقدا ....... 3

پاڵەوانێتی لەپێناو ئاشتی لە کەرکوك، عیراق ......... 3

سەیرانێکی بچووك لەپێناو ئاشتی ......................... 4

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سکۆراتوویکز قسە لەسەر سەرژمێریی عیراق دەکات ................................................ 4

نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکان سەردانی عیراق دەکات.............................................................. 5

بەرەوە بەهێزکردنی چاودێریکردن و ڕاپۆرتدان سەبارەت بە پێشێلکارییە زەقەکان دژی منداڵانی عیراق 5

عیراق پلانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند دەکات بۆ بەهاوبەشکردنی کۆمپانیاکانی دەوڵەت ................. 6

کۆمەڵگەی ئەورووپی دارایی چاککردنی قوتابخانەکان و دابینکردنی چۆنایەتیی پەروەردەی خوارووی عیراق دەگرێتە ئەستۆ......................................................... 6

نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی چارەسەرکردنی نەخوێندەواری لە عیراق دەدات .......................... 7

حکومەتی عیراق ڕەزامەندی بە بەرنامەی نیشتیمانیی پێدانی خۆراك بە قوتابخانەکان دا .................. 8

یەکەم ڕوپێوی ژمێریاری تەندروستی نیشتیمانیی عیراق تەواو بوو............................................ 9

کورتە هەواڵ ................................................ 9

نەتەوە یەکگرتوەکان لە کرداردا............................ 11


# پەیامی ئاشتی لەسەر قەڵای هەولێر دەدرەوشێتەوە



دروشمی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی بە دیواری قەڵای هەولێرەوە هەڵواسراوە. *وێنە: لەیلا شەمجی-ڕاگەیاندنی یونامی*

وەك بەشێك لەو ئاهەنگە جیهانییە فراوانەی بۆ ڕۆژی جیهانیی ئاشتی، کە دەکاتە ڕێککەوتی ٢١ی ئەیلولی هەر ساڵێك، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بو هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) پە یامێکی درەوشاوەی لە ١٩ی ئەیلول لە قەڵای هەولێری هە رێمی کوردستانی عیراق هە ڵواسی کە گوزارشتی لە دروشمی "ئاشتی یە کسانە بە دوارۆژ: لێکدانەوەی ئاسانە" دەکرد.

یە یامە دە روشاوە ئاشتییە کە کە بە کوردی نوسرابوو لەسەر قەڵای هەولێر و نزیك پارکی دڵرفێنی تازە ی شار و بازاڕی قە رە باڵغی شار هەڵواسرا. لە لایەکی تریشەوە، چەندان فلێکسی گەورە ی تر لە هە مان دروشم بە ئینگلیزی و عە رە بی و کوردی لە سە ر دیوارە کانی قە ڵا هە ڵواسران بۆ ڕاکێشانی سە رنجی خە ڵك بۆ گرنگیی دروشمی ئەمساڵی ڕۆژی ئاشتی و چەمکە سەرباسەکەی "گەنج بۆ ئاشتی و گەشەپێدان".

نوێنە ری تایبە تی سکرتێری گشتیی نە تە وە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت دەستخۆشیی کرد لە هە ڵواسینی دروشمی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە قە ڵای هە ولێر کە بە یە کێك لە شوێنە هەمیشەئاوەدانەکانی جیهان هەژمار دەکرێت.

پێشتریش، لە ٣٠ی حوزەیرانی ئەمساڵدا، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت بەشداریی لە ئاهەنگی دانانی بەردی بناغە کرد بۆ قۆناغی دووەمی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی کە بەهۆیەوە ڕێکخراوی (یونیسکۆ) هاوکاری کۆمسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵای هە ولێر دە کات بۆ جێبە جێ کردنی کارە بەرگریکارییە بەپەلەکان بۆ خراپترین ١٠ خانووی ئەو قەڵایە. لە لایەکی تریشەوە، ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوخۆیی کار دەکات بۆ ئەوەی ئەو قەڵایە بخاتە ناو لیستی شوێنەواری جیهانییەوە.

هە ڵواسینی دروشمی جیهانیی ئاشتیش بە هاوکاریی چڕوپڕی نوسینگە ی پارێزگاری هەولێر و کۆمسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر جێبەجێ کرا. ■




> ***ئاشتی و گەشەکردن شان بە شانی یەکتر دەڕۆن و مەرجی پێشینەشن بۆ ئایندەیەکی باشتر و پڕشەنگدارتر. گەنجی عیراق کە نیوەی دانیشتوانی وڵات پێك دەهێنن و سەرکردەی داهاتووشن پێویستیان بەوە هەیە کە بەدەسەڵات و بەتوانا بکرێن بۆ ئەوەی چالاکانە لە داڕشتنی ئایندەی عیراق***
>
> *نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت*

# نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق یادی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر دەکاتەوە



جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتوکریستینا ماکناب و سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی لە یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر. *وێنە: وەسیم واستین- یونامی*

بە ئامادەبوونی جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو کریستینا ماکناب، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) لە ٢١ی ئەیلولدا لە پارکی سامی عەبدولرەحمان لە هەولێر یادی ڕۆژی جیهانیی ئاشتیی کردەوە کە تێیدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی و پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڕێز کەمال کەرکوکی و ئەندامانی پەرلەمان و سیلکی دیپلۆماسی و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەبوون.

لەگەڵ خواستنی هیوای ئەوەی کە ئاشتی و ئارامی سەرتاسەری عیراق بگرێتەوە، سەرۆك بارزانی لەو ڕێورەسمەدا وتی "هیوای ئێمە و خەڵکی ئاشتیویست ئەوەیە کە ئاشتی هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم جیهانە بگرێتەوە."

پارێزگار نەوزاد هادی وێڕای دەستخۆشیکردنی لەم یادکرنەوەیە لە شاری هەولێر و خواستنی هیوای ئەنجامدانی چالاکیی زیاتری لەم جۆرە لە هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری وڵاتدا، ئاماژەشی بە "بوونی ئاشتی و ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا" کرد و هیوای خواست کە "ئاشتی باڵی خۆی بەسەر تەواوی وڵاتدا بکێشێت."



هەڵدانی کۆتری سپی لە یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر. *وێنە: وەسیم واستین- یونامی*

بە میوانداریکردنی ئەم یادکردنەوەیە بۆ یەکەمجار لە عیراقدا، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو کریستینا ماکناب جەختی کردە سەر "ئاشتییەك کە بتوانێت گەشە کردن و خۆشگوزەرانی و خۆشی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت." بە دووپاتکردنەوەی گرنگیی "دروستکردنی ئایندەیەك کە تێیدا خاڵە هاوبەشەکان ببنە دستپێك و بەرژەوەندی گشتیش بخرێتە پێش بەرژەوەندی کەسییەوە"، ئەو خاتوونە ئەوەشی ڕاگەیاند کە "ئاشتی باشترین دیارییە بۆ منداڵەکانمان."

نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شاعیری عیراقی خاتوو مەهاباد قەرەداغی لە وتەکەیدا پێویستیی دروستکردن و گەشەپێدانی ئاشتیی لە سەرتاسەری عیراقدا دووپاتکردەوە. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی کە گەنج و ژنی عیراق "بەرە بەرە لە بەهای ئاشتی و دیموکراسی دەگەن" و بەو پێیەی کە ئەم دوو توێژەش کۆڵەگەی کۆمەڵگەی عیراقین پێویستە زیاتر بەتوانا بکرێن بۆ ئەوەی ببنە پەیامبەرانی گەشەدان بە دیموکراسی و مافە مەدەنییەکان لە وڵاتدا."

لەم ئاهەنگەدا کۆتری سپی ئازاد کران و گۆرانیی ئاشتیش لەلایەن کۆراڵی کەتیبەی فیجییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش کران. لە لایەکی تریشەوە، هەردوو سەنتەری ڕۆشنبیریی "ڕاژان" و "ئاسوودە" لە هەولێر گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردییان پێشکەش کرد.

ئەم ئاهەنگە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) و بە هاوکاریی تەواوی نوسینگەی پارێزگاری هەولێر و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. ■

## گالەری وێنە





سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی وتارێك دەخوێنێتەوە لە یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێرلە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٠ . *وێنە: کۆمیسیاریای باڵای پەناهندەکان-هێلێنە کۆکس*



ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر هەولێرلە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٠ . *وێنە: وەسیم واستین- ڕاگەیاندنی یونامی*





جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتوکریستینا ماکناب وتارێك دەخوێنێتەوە لە یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر. *وێنە: کۆمیسیاریای باڵای پەناهندەکان-هێلێنە کۆکس*

# وەڵامی رزگاربوویەکی توندوتیژی: یارمەتیی گەنجی عیراق بدەن بۆ دروستکردنی ئاشتی لە عیراقدا


تیمی تۆپی پێ لە بەغداد

*نوسینی: رەندە جەمال / راگەیاندنی یونامی*

رانیا هادی ئەو کچە تەمەن ٢٤ساڵەیە کە بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە لە یەکێك لە تەقینەوە کارەستبارەکانی بەغداد لە نیسانی ٢٠٠٦ رزگاری بیوو. هەر بە چاکبوونەوەی لەو برینەی کە ماوەی ساڵێکی تەواوخستییە سەر عارەبانە یەکسەر چووە ناو "کۆمەڵەی ئەمەلی عیراقی"یەوە کە لەگەڵ رێکخراوە فریاگوزرابیەکاندا یارمەتییاندا لە ئەردەن چارەسەر بکرێت. لەوکاتەوە رانیا لە چەندان چالاکی بەشداریی کردووە کە کۆمەڵەی ئەمەل لەسەرتاسەری عیراقدارێکی خستوون بە گرتنەخۆی بەگژاچوونەوەی هەموو جۆرەکانی توند و تیژی و رەگەزپەرستی و گەشەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤ و ئاسایشی مرۆیی و خولی راهێنان بۆ ژنان و منداڵان و گەنجان بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرانە لە ژیانی گشتیدا بەشداری بکەن.

رانیا لە چەندان چالاکیی کۆمەڵەی ئەمەل بەشداریی کردووە و خۆشترین دەستپێشخەریش بەلای ئەوەوە رێکخستنی یاریی تۆپی پێی ساڵی ٢٠٠٩یە کە لە ژێر ناونیشانی "لەڕێگەی ئاشتییەوە ئێمە وڵاتەکەمان بنیات دەنێین و قەیرانەکان چارەسەر دەکەین" لە نێوان گەنجانی دوو کۆمەڵگەی پەیوەندی ئاڵۆزی بەغداد ئەنجامدرا. ئەو وتی "یاریی تۆپی پێ لە عیراق زۆر باوە و هیچ شتێك لە گەمە و پاڵەوانییەتی دۆستانە باشتر نییە بۆ یارمەتیدانی خەڵك لە زانینی ئەوەی کە ئاشتی بۆ هەموو عیراقییەکان چی دەگەیەنێت.شەڕشۆرەی چەند ساڵە ئێمەی لە سادەترین چێژی ژیان بێبەش کرد. ئەو تۆوەی ئێمە چاندمان بەری گرتووە و ئێمە ئێستا یاری تۆپی پێ بۆ ئەم دوو کۆمەڵگایە رێکدەخەین و لە هەمووشی گرنگترئەوەیە کە گەنجانی بەشدار سەرکەوتوو بوون لە دروستکردنی برادەرایەتییەکی بەهێز و لە کۆمەڵگاکانی خۆشیاندا بوونەتە باڵیۆزی چالاك بۆ پرسی ئاشتی و ئاشتبوونەوە."

رانیا هەروەها وتی "هەرچەندە ئەوە دەستپێشخەرییەکی سادەیە بەڵام یارمەتی خەڵکەکەم دەدا چێژ لە دیاریی ژیان وەرگرن و بەیەکیشەوە عیراقێکی ئارام دروست بکەن کە تییێدا هەموو عیراقییەکان بتوانن بە شێوەیەکی سادە بەشداری لە یارییەکە بکەن و لە قاوەخانە دانیشن و بتوانن بێ ترس و مەترسیی بوونە قوربانیی کردەوە تیرۆریستییەکان بۆ قوتابخانە یان شوێنەکانی کاریان بچن. لە راستیدا ملکەچکردن بۆ تیرۆر هەرگیز مایەی قبولکردن نییە."■

# پاڵەوانێتی لەپێناو ئاشتی لە کەرکوك، عیراق



گەنجێکی کەرکوکی لە چالاکیی پاڵەوانییەتیدا گورانی بۆ ئاشتی دەڵێت (وێنە: وەسیم واستین- رگەیاندنی یونامی)

*نوسینی: وەسیم واستن /راگەیاندنی یونامیی*

لە ژێر سەرباسی "خۆشەویستی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بەردی بناغەی ئاشتییە لە کەرکوك" و بە ئامادەبوونی قوتابیان و دایبابان و تەواوی خەڵك ، بەرنامەیەکی یەك مانگی بۆ پەروەردە و وەرزشی گەنجان لە کەرکوك رێکخرا و لە ٢١ی ئابی ٢٠١٠ کۆتایی پێهات. رێورە سمێکی جە ژنئامێزیش ئەنجامدرا بۆ کۆتاییهێنان بەو بەرنامە پرچێژ و سەرکەوتوو و چالاکەی بە مەبەستی گەشەدان و پەروەردەکردنی گەنجان بە بەهاکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکریزی لە نێوان گشت کۆمەڵە ئاینی و ئێتنیکییەکانی شارەکەدا.

ئەم چالاکییە کە کلێسای ئینجیلی لە کەرکوك لە پێنج ساڵی رابردووەوە بە شێوەیەکی ساڵانە ئەنجامیدەدات، ئەمساڵ هەر زۆر زۆر گرنگ بوو چونکە ٣٠٠ منداڵی نێوان ٥ تا ١٦ ساڵانەی کورد و عەرب و تورکمان و مەسیحی بە رێنمایی و خۆتە رخانکردنی ٤٠ خۆبەخشی راهێنراو بەشدارییان تێدا کرد.. لە وتەی دەستپێکیدا، شوانی کلێسە هەیسەم جەزراوی وتی "منداڵەکانمان بۆ ئێمە بەنرخن چونکە ئەوان ئایندەن. بۆ ئاشتی و خۆشگوزەرانی لە کەرکوك و بگرە هەتتا لە عیراقیش لێبووردەیی و رەوایی و خۆشەویستی لە نێوان برایان و خوشکاندا زۆر پێویستە. "

لە کەشێکی پڕ پێکەنین و خۆشی و تەباییدا چەندان چالاکیی جۆراوجۆر هەر لە پاڵەوانییەتی وەرزشی و نوسراوی قۆشمە و هۆنراوە چیرۆك گێڕانەوە تا دەگاتە کۆبوونەوەی پەروەردەیی لەسەر سەرباسی ئاشتی و ئارامی و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە ئەنجامدران. لەرێگەی کارکردن لە تیمەکانیشەوە، منداڵەکان فێری بەهای یەکرێزی و لێبووردەیی کران. ئەوان لە رێی بەشداریی چالاکانەوە بەشدارییان کرد لە ئیلهام بەخشین بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بەوەی کە چۆن ئاشتی و پەروەردە و ئاسایش دەتوانن یارمەتی گەشەپێدان بدەن و هەلەکانیش زیاد بکەن. هەندێ لە قوتابیان هیوای ئەوەیان خواست کە لە ئاییندەدا ببنە ئەندازیار یان مامۆستا یان پزیشك یانیش پەرستیار بۆ ئەوەی، بە وتەی خۆیان، "بتوانین یارمەتیی هەژار و نەخۆش و بەساڵاچووان بدەین و وڵاتەکەشمان دروست بکەین. ساڵی دادێت بە بیرۆکەی نوێوە دێینەوە بۆ ئەوەی هاوبەشیان بکەین لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان کە ئەمڕۆ لێرە ئاشنایان بووین." ■

# سەیرانێکی بچووك لەپێناو ئاشتی

*نوسینی: سەباح عەبدولڕەحمان/ ڕاگەیاندنی یونامی*

چه ندان ژن و پیاوی گه نج له ڕێکخراوه جۆراوجۆره کانی کۆمه ڵگه ی مه ده نی شێوازێکی تازەیان بۆ ئاشتی خستەروو لە ڕێگەی ڕێکخستنی سەیرانێکی یەك ڕۆژی لە تەموزی ٢٠١٠بۆ سەدان کەسی ئاوارەی ناوخۆ لە کەمپی ئاوارە ناوخۆییەکانی بە ستە ستێنی نزیك شاری قه ڵادزێی باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی (لە هەرێمی کوردستانی عیراق). چالاکوانەکانیش چادرێکی گەورەیان لەگەڵ خۆیان بردبوو لەگەڵ چەند مەنجەڵێك دۆڵمەی کوردەواری و میوە و سەوزە بایی هەموو خەڵکەکە و چەندان پاکەت پێنووسی ره نگکردن بۆ منداڵه کان و چه ند بیرۆکەیەکیش سەبارەت بە ئاشتی و پێویستبوونی بۆ گەشەپێدان بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ بەتەمەنەکان و هەم لەگەڵ گەنجەکان تاوتوێیان بکەن.

تا چادرەکە بە یارمەتیی ئاوارە خانەخۆێیەکان هەڵدرا، منداڵه کان بۆ وه رگرتنی پێنووسی ره نگکردن و پەڕاوی وێنەکێشان ریزیان بەستبوو. ئەو وێنانەی کە ئەوان کێشایان ڕەنگدانەوەی یادەوەریی زیندووی ڕەز و خانووە سوتاوەکان بوون لەگەڵ ئەو نەوا ئارامەی کە گوندەکانیان بوون و خواستنی هیوای سەرلەنوێ دروستبوونەوەیان وەك گۆڕەپانی یاریکردنیان. دواتر وێنەکان کۆکرانەوە و بە چادرەکەدا هەڵواسران و گەنجترین هونەرمەندیش بە شێوەیەکی فەرمی و به بڕینی په ت کردنه وه ی پێشانگایەکەی ڕاگەیاند لە نێوان چه پڵه ڕێزانی ئه و دایك و باوکانه ی که پێده چوو تازه درکیان به به هره مەندیی منداڵەکانیان کردبێت.

لە گەڵ خواردنی ژه مێکی ساده و خۆشی نیوه ڕۆ ئاواره کان، گه نج و پیر، ژن و پیاو، به شێوەیەکی کراوەیی کەوتنە تاوتوێی ئاشتی و راشکاوانه ش بۆچوونه کانی خۆیان سەبارەت بە گەشەپێدان و ئاوه دانکردنه وه ده ربڕی له گه ڵ ده ربڕینی پێداویستییه کانیان بۆ به هره مه ندبوون له ئایندەیەکی پڕشەنگدارتر. نامۆ شەریف، یەکێك لە ڕێککخه ره کانی سه یرانه که وتی "ئێمه ویستمان دەرفەت بدەینە خەڵکی ئاوارە کە بتوانن بوچوونەکانیان ده ربڕن و بزانن که ده نگیان بیستراوه و سەرنجەکانیشیان وەرگیراوە. هەروەها ویستیشمان وا لە منداڵان بکەین کە وەك منداڵ هەست بکەن و چێژیش لە ڕۆژی خۆشی وەرگرن."


منداڵانی ئاوارە ناوخۆییەکان بیر لە سوتانی ڕەزوباغ و تێکدانی خانووەکان و گوندەکانیان دەکەنەوە . *وێنە:* *CSI*

به ئاوابوونی ڕۆژیش، چالاکوانان که مپه که یان جێهێشت و به ڵێنی ئه وه شیان دا که جارێکی تر سەردانیان بکەن و ئەمجارەش بریانییان بۆ بهێنن بۆ ئەوەی بتوانن یادی جەژنی ڕەمەزان بکەنەوە. ■



# جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سکۆراتۆویکز قسە لەسەر سەرژمێریی عیراق دەکات


جێگری تازه دامه زراوی نوێنه ری تایبه تی سکرتێری گشتیی نه ته وه یەکگرتووەکان بەڕێز جێرزی سکۆراتکویکز. *وێنە: سەرمەد ئەلسافی- یونامی*

له سه روبه ندی ئاماده کارییه کان بۆ سه رژمێریی داهاتوو، جێگری نوێنه ری تایبه تی سکرتێری گشتیی نه ته وه یه کگرتووه کان جێرزی سکۆراتۆویکز له کۆبوونه وه ی فراوانی عیراقی که له ٢٢ی ئه یلول سه باره ت به سه رژمێری دانیشتوانی ٢٠١٠ له ناو ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداد کە بە ئامادەبوونی سەرەك وەزیران نوری مالیکی ئەنجامدرا وته یه کی پێشکه ش کرد.

جێرزی جەختی لەسەر گرنگیی سەرژمێری کردەوە وەك ئامرازێك بۆ گەشەپێدان و تەرخانکردنی سەرچاوە و پلاندانانی حکومی که ده توانێت پشتگیری له گەشەپێدانی کەرتە پەروەردەیەك بکات کە بەباشی سه رچاوه ی بۆ ته رخانکرابێت و ده بێته مایه ی دڵنیابوونیش لەوەی کە سەرچاوەی تەواو بۆ ئاوی پاك و کارەبا دابین کراوە و هانی کەرتی دروستکردن دەدات و بازرگانیش پەرە پێ دەدات کە ئەمانەش هەر هەمووی لە پێناو فه راهه مکردنی ئابوورییەکی درێژخایه ن و ره خساندنی بەردەوامی هه لی کار لە پێناو هێنانەدی پێویستییەکانی خەڵکی عیراق.

بەڕێز جێرزی تیشکیشی خستەر سەر ئەو راستییەی کە سه رژمێری ده کرێ ببێته سه رچاوه ی گرژی لەسەرتاسەری جیهاندا و بە تیابەتیش لەو وڵاتە هەمە پێکهاتانەی کە لەدەست ڕژێمە سەرکوتکەرەکان یان شەڕ رزگاریان بووە و دیمواکراسیشیان تازە تێدا پەیدا بووە و ئێستاش تووشی چەند سەرەتایەکی تازە بوون کە به ته رخانکردنی یه کسانی سه رچاوه کان و شوناسی کۆمەڵەکان بەستراونەتنەوە.

بەگەڕانەوە بۆ ئەزموونی پێشتری لە سودان، جێرزی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە عیراقییەکان پێویستە دەست بە پرۆسەی راوێژپێککردن بکەن و بەشداریشی تێدا بکەن بۆ دەستنیشانکردنی ترس و نیگەرانییەکان بۆ ئه وه ی بتوانن تاوتوێیان بکه ن و کۆده نگی سیاسیش سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێری دروست بکەن لە ریگەی روونکردنەوەی ئەوەی کە سەرژمێری چی یە و چی دەگەیەنێت و چیش ناگەیەنێت.

جێرزی ئەوەشی راگەیاند کە بۆ پارتە سیاسییەکان و لیسته کان ڕێککه وتن له سه ر جۆری هه ڵسوکه وت و رێوشوێنی به هێز بۆ دروستکردنی متمانه و ده ستنیشانکردنی تیگه یشتنه کان و ناتێگه یشتنه کان سه باره ت به سه رژمێری و دروستکردنی کۆده نگی نیشتمانی لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری گرنگە.

ئەو جێگرە بەڕێزە ئەوەش خستە روو کە ڕێککەوتن لە سەر پرەنسیپە سەرەکییەکان بەردی بناغەی سەرکەوتنی سەرژمێرییە لە عیراقدا. ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ٣ راستییەوە ئەنجام بدرێت. یەکەم، سه رژمێری، به گوێره ی یاسای عیراقی، هه رگیز ناکرێ ببێتە دیکۆمێنت یان سەرچاوەیەکی یاسایی چ بۆ ره واکردنی داواکارییه کانی خاوه ندارێتی و چ بۆ به خشینی یاساییبوون به داواکارییه کان یان به جێنشینبوون. دووه م، به گوێره ی یاسای عیراقی، داتاکانی سەرژمێری ناکرێ ببنە بنەمایەك بۆ تۆماری دەنگدەران لە بەر رۆشنایی پابەندییەکان سەبارەت بە تایبەتبوونی زانیاریی که سی. سێهه م، ئه نجامده رانی سه رژمێری نه ده توانن راستییه کانی ئه و داتایانه پشتراست بکه نه وه که وه ریانگرتووه و نه ئه مه ش ئەرکی ئەوانە.

سەبارەت بە پشتگیریکردن لە رێوشوێنی دروستکردنی متمانه ش، جێرزی چه ندان رێوشوێنی راسپارد وه ك سوودبینین له تیمی هه مه پێکهاته ی بژمێران له و ناوچانەی کە دانیشتوان پێویستییان بە دڵنیایی زیاتر هەیە یانیش سوودبینین له هێزی ئاسایشی تێکه ڵه ی هه مه ئێتنی.

لە کۆتاییدا، جێرزی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بڕیاری ئەنجامدانی سەرژمێری بڕیارێکی شکۆمەندی عیراقییە لەگەڵ دووپاتکردنەوەی ئەوە کە سەرژمێری هەرگیز ناکرێ ببێتە چارەسەری جێگرەوە بۆ پرسە سیاسییە ئاڵۆزەکان چونکە بەو پێیەی ئەوانە پێویستییان بە گفتۆگۆی هەمەلایەنەی نێوان گشت پەیوەنداران هەیە کە بتوانێت سەر بۆ رێککەوتنی بنکەفراوان بکێشێت. ■

# نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکان سەردانی عیراق دەکات



نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کالین لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی کە لە ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ لە بارەگای یونامیی هەولێر بەسترا قسە بۆ راگەیاندن دەکات . *وێنە: سالار بریفکانی- یونامی*

لە میانەی سەردانە ٨ رۆژییەکەی بۆ عیراق کە لە ٢٦ی ئەیلول دەستی پێکردبوو، نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکان بەڕێز وۆلتەر کالین پێش ئەوەی بەرەوە هەولێری کوردستانی عیراق بەڕێ بکەوێت ٣ رۆژی لە بەغداد بەسەر برد کە لەوێ لەگەڵ سەرەك وەزیرانی ماوەبەسەرچووی عیراق نوری مالیکی و وە زیری مافه کانی مرۆڤ خاتو ویجدان سالم و جێگری وه زیری کۆچ و کۆچبه ران د. سه لام ئه لخه فاجی و وه زاره تی کاروباری دەرەوە کۆ بۆوە. لە لایەکی تریشەوە، بەڕێز کالین له گه ڵ نوێنه رانی"لێژنه ی به دواداچوونی ئاشتبوونه وه ی نیشتمانی" و کۆمه ڵگه ی نێودەوڵەتیش کۆ بۆوە. هەروەها ئه و سه ردانی ئه و ئاواره ناوخۆییانەشی کرد کە لە شوێنه نافه رمییه کانی به غداد گیرساونەتنەوە.

له میانه ی سه ردانه که شی بۆ هه رێمی کوردستانی عیراق، به ڕێز کالین چاوی که وت به جێگری سه ره ك وه زیرانی حکومه تی هه رێمی کوردستان بەڕێز ئازاد بەرواری و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز فەللاح موستەفا و وەزیری ناوخۆ بەڕێز کەریم سنجاری. هەروەها بەڕێزی ئەو دەرفەتەشی بۆ رەخسا کە چاوی بە نوێنەرانی ئاوارە ناخۆییە جۆراوجۆرەکان و ئه ندامانی کۆمه ڵگه ی مه ده نی و کۆمه ڵگه ی نێودەوڵەتی بکەوێت .

به ڕێز کالین هانی حکومه تی کوردستانی دا بۆ په ره دان به پلانێکی گشتگیری درێژخایه ن به هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە کوردستانن. پلانێکی لەمجۆرەش پێویستە ئەرکی گرتنە ئەستۆی بەشێك لە کرێخانوو و پارمه تیدانی دارایی و به هاناوه چوونه کانی ژیان بگرێتەوە. ئەو نیگەرانی خۆشی دەربڕی لەمەڕ دەنگۆی گرتن و بێزارکردنی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەرکوك و داوای لەگشت پارتە سیاسییەکانیش کرد کە کار بۆ پاراستنی ئاواره ناوخۆییه کانی ناو هەرێمەکە بکەن لە کاتی راهێنانی دادێت لەسەر سەرژمێری.

لە یەکەم سەردانیشی بۆ عیراق، بەڕێز کالین دوو کۆنگرەی رۆژنامەوانی لە هەولێر و بەغداد ئەنجامدا کە تێیاندا کورتەیەکی لەسەر دۆخی مافی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکانی عیراق دایە راگەیاندن.

*وۆلتەر کالین، کە پرۆفیسۆری یاسایە لە زانکۆی بێرنی سویسرِی،لە ساڵی ٢٠٠٤ە و نوێنه ری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکانە بۆ مافەکانی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکان.*

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر سەردانەکەی بۆ عیراق و وتارەکەی هەولێری تکایە دەقی راگەیاندنەکەی کالین لە سه ر په یوه نده ی http://www.uniraq.org/newsroom/getarticle.asp?ArticleID=1415 و http://www.uniraq.org/newsroom/getarticle.asp?ArticleID=1423 به ریزبەندی بخوێنەوە.



# بەرەوە بەهێزکردنی چاودێریکردن و راپۆرتدان سەبارەت بە پێشێلکارییە زەقەکان دژی منداڵانی عیراق

له سه کۆیکارێکی سێ رۆژی که له هه ولێر به مه به ستی به هێزکردنی چاودێریکردن و راپۆرتدان سه باره ت به پێشێلکارییه زه قه کان دژی منداڵانی عیراق ئەنجامدرا، هەردوو رێکخراوی (یونامی) و (یونیسێف) میوانداری تیمی ته کنیکی "نوسینگه ی نوێنه ری تایبه تی سکرتێری گشتیی نه ته وه یەکگرتووەکان بۆ شەڕی چەکدارانە و منداڵان"یان کرد. وێڕای کارمه ندانی ئه م دوو رێکخراوه ش، سەکۆیکارەکە بووە مایەی بەشدارییپێکردنی نوێنەرانی نووسینگەی کۆمیسیاریای باڵای پەناهندەکانی سەر بە به نەتەوە یەکگرتووەکان و نوسینگەی کاروباری مرۆیی و رێکخراوی منداڵپارێزیش.

سەکۆیکارەکە ئەو دەرفەتەشی بە بەشداربووان دا کە زانیاریی زیاتر لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٦١٢ی پەیوەست بە پاراستنی منداڵانی بەرکەوتەی شەڕی چەکداری بەدەست بێنن. ئەم بڕیارە بە کۆی دەنگی دەستە ١٥ئەندامییەکە لە ٢٦ی تەموزی ٢٠٠٥ پەسندکرا کە چەقی قورساییەکەی دەخاتە سەر چاودێریکردن و راپۆرتدان لەسەر ٦ پێشێلکاری زەق کە رەنگە منداڵان لە لایەن پارتە شەڕکەرەکانەوە تووش ببن.

لە لایەکی تریشەوە، بڕیارەکە داوای دروستکردنی "هێزی کاری وڵات بۆ شێوازی چاودێریکردن و راپۆرتدان" دەکات بۆ ئەوەی، وەك پێشبینی دەکرێت، بتوانێت زانیاریی بابەتییانە و دروست و متمانەدار و لەکاتیخۆیدا لەسەر ئەو ٦ پێشێلکارییە مەترسیدارەی دژ بە مافەکانی منداڵانی ناو شەڕەکان کۆ بکاتەوە کە بریتین لە: (١) کوشتن و پەکخستنی منداڵان و (٢) بەسەربازگرتن و بەکارهێنانی سەربازی منداڵ و (٣) رفاندن یان هه ر شێوازێکی تری توندوتیژی سێکسی و (٤) رفاندن و (٥) هێرش دژی قوتابخانەکان و خەستەخانەکان و (٦) پێشگرتن بە بەردەستخستنی پێویستییە مرۆییەکان.



نیگەرانی لە سەر رووی منداڵێکی عیراقی. *وێنە: ئای ئۆ ئێم-٢٠٠٥*

راپۆرتە دووهەفتانەکەی"هێزی کاری وڵات بۆ شێوازی چاودێریکردن و راپۆرتدان"یش سەبارەت بەم ٦ پێشێلکارییە زەقانە لە لایەن "ئەنجومەنی کۆمەڵەی کار بۆ منداڵان و شەڕە چەکدارەکان"ەوە تاوتوێ کرا. هەروەها، "هێزی کاری وڵات بۆ شێوازی چاودێریکردن و راپۆرتدان" دەستی داوەتە هەوڵی داکۆکیکارانە بۆ کەمکردنەوەی ئەو رووداوانەی کە ئەم ٦ پێشێلکارییه زه قانه له خۆده گرن له گه ڵ دروستکردنی پلانی کار بۆ تاوتوێکردنی پێشێلکارییەکان بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا ببێتە مایە کەمکردنەوەی ئەم رووداوانە .

"هێزی کاری وڵات بۆ شێوازی چاودێریکردن و راپۆرتدان" لە ٧ی حوزەیرانی دامەزراوە و هاوبه شانه ش له لایەن یونامی و یونیسێفەوە سەرپەرشتی دەکرێت. "هێزی کاری وڵات بۆ شێوازی چاودێریکردن و راپۆرتدان" لە مانگی ئاداری ٢٠١١ راپۆرتێکی گشتی لەسەر عیراق ده رده کات و پێداچوونه وه ش بۆ هه موو رووداوەکانی نێوان کانونی دووەمی ٢٠٠٨ و کانونی یەکەمی ٢٠١٠ ەی پەیوەست بەم ٦ پێشێلکارییە زەقانە ئەنجامدەدات.■

گەشەپێدان

# عیراق پلانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند دەکات بۆ بەهاوبەشکردنی کۆمپانیاکانی دەوڵەت


گرووپی کار بۆ کۆبونەوەی هاوبەشی سیاسەتمەداران تایبەت بە باج - بەغدا، نیسانی ۲۰۱۰. وێنە: بەرنامەی پەرەپێدانی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتوەکان

لە ١٣ی ئابی ٢٠١٠ە دا، حکومە تی عیراق چوارچێوەی بەهاوبەشکردنی کۆمپانیاکانی دەوڵەتی پەسند کرد. لە ژێر ناوونیشانی "نەخشە ریگا و دروستکردنەوەی کۆمپانیاکانی دەوڵەت" چوارچێوەکە لە لایەن "بەرنامەی هاوبەشی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق "ەوە دانرا بۆ رێنمایی کردنی گواستنە وە ی ١٧٦ کۆمپانیای حکومی بەمەبەستی بەهاوبەشکردنی پێشبڕکێکارانە بۆ هەستانەوەی خێرای پێشبڕکێکارانەی وڵات بۆ سوودە کان و بازرگانی فراوان و وە بە رهێنانی ستراتیژی بۆ کەرتی تایبەتی پەیدابوو.

"بەرنامەی هاوبەشی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق "یارمەتی حکومەتی عیراق دە دات بۆ سە رلە نوێ دامە زراندنە وە ی ئابوورییەکەی لە پێناو زیادکردنی درێژخایەنی هەلی کار و بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی هەڵسووڕان بە شێوە یە ك کە بتوانێت یارمە تی زیادکردن و درێژەپێدانی وەبەرهێنانی ناخۆیی و جیهانی بدات.

"بەرنامەی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت بۆ عیراق" خۆتێهە ڵقورتاندنی لە سە ر ئاستی نیشتمانی و پارێزگادا ئە نجامدە دات. لە سە ر ئاستی نیشتمانیدا، بە رنامە کە پشتگیری لە سیاسەتی نیشتمانی دە کات لە پێناو پێکهێنانی کەشێکی هاندەر بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت. لەسەر ئاستی پارێزگاشدا، بەرنامەکە لەوە دڵنیا دبێت کە گرفتە کانی بە ردە م پێشکە وتنی کە رتی تایبەت لە رێگەی پلاندانان و جێبەجێکردنی چالاکییە کانە وە لە ٣ پارێزگای ئە زموونیدا لەبەر چاو گیراوون.

بۆ هاندانی دروستکردنی پرۆژە ی تایبە تیش، بەرنامەکە یارمەتی عیراق دەدات لە دامەزراندنی پەیمانگایەکی تەرخانکراوی سێ قۆڵی بۆ گەشەپێدانی پرۆژە ی بچووك و مامناوە ند کە بتوانێت ئاوڕ لە بوشاییەکانی پەیوەست بە هەڵسوڕان و پێویستییەکانی خزمەتە دارایی و نادارابیەکان بداتەوە.

دوای بەرنامە هاوبەشەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، حکومە تی عیراق "هێزی کاری بۆ چاکسازیی ئابووری" دامە زراند لە گە ڵ ٧ کۆمە ڵی کاری سە رە تایی کە کاریان مامە ڵە کردنە لە گە ڵ پێداچوونەوەی یاسایی و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی کۆمپانیاکانی حکومەت و گەشەپێدانی پرۆژەی بچووك و مامناوەند و سیاسەتی وەبەرهێنان لەگەڵ راوێژی دەوری لەسەر دروستکردنی سیاسەت و چوارچێوەی دەزگایی بۆ چاکسازییە ئابوورییەکان.

"بەرنامەی هاوبەشی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت بۆ عیراق" دەستپێشخەرییەکی نێورێکخراوەییە کە ٧ ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خۆدەگرێت کە بریتین لە بە رنامە ی گە شە پێدانی نە تە وە یە کگرتووە کان (UNDP) (وە ك رێکخراوێکی پێشە نگ) و رێکخراوی گە شە پێدانی پیشە سازیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO) و رێکخراوی کاری جیهانی (ILO ) و یونۆپس و هابیتات و فاو و فە ندی گە شە پێدنی ژنانی سە ر بە نە تە وە یە کگرتووە کان (UNIFEM) . ئاژانسە کانیش بە شێوەیەکی هاوبەشکارانە لەگەڵ چەند رێکخراوێکی جیهانیی تری وە ك بانکی دە ولی و رێکخراوی گە شە پێدان و هاوکاریی ئابووری (OECD) و ئاژانسی وڵاتە یە کگرتووە کانی ئە مریکا بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی(USAID) بۆ یارمەتیدانی عیراق لەسەر دروستکردنی چوارچێوەیەکی کاریگەر و یەکگرتوو و گشتگر بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە بەڕێز پال ئارسێزەر لەسەر ئیمێلی :

Paal.Aarsaether@undp.org

*ئەو کرتکراوانەی لەم بابەتەدا بەکارهاتوون:*

*UNIDO: United Nations Industrial Development Organization*
*ILO: International Labour Organization*
*UNOPS: the United Nations Office for Project Services*
*UN-HABITAT: United Nations Human Settlements Programme*
*FAO: Food and Agriculture Organization*
*UNIFEM: United Nations Development Fund for Women*
*OECD: Organisation for Economic Co-operation and Development*
*USAID: United States Agency for International Development*

فێرکردن

# کۆمەڵگەی ئەوروپی دارایی چاککردنی قوتابخانەکان و دابینکردنی چۆنایەتیی پەروەردەی خوارووی عیراق دەگرێتە ئەستۆ

بە هۆی دۆخی خراپی ئاو و ئاوەڕۆ و ئاودەستخانەکانی قوتابخانەی سەرەتایی خاوەرناق لە پارێزگای موسەنناى خوارووی عیراق، قاسم عەلی یازدە ساڵانە بە درێژایی هەر ٦ کاتژمێرەکەی قوتابخانەدا خۆی لە بەکارهێنانیان دەبوێرێت و چاوەڕێ دەکات تا دەگەڕێتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پاکتر کاری خۆخاڵیکردنەکەی ئەنجام بدات. عەلی ئەوە نازانێت کە راگرتنی میز و پاشماوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چەندە زیانبەخشە.

لە قوتابخانەی ئەلفەساحەی سەرەتایی هەمان ناوچەش، حەلیمە عەبدوڵڵای تەمەن ١٠ ساڵانە و سوعاد ساڵحیش ئاودەستی قوتابخانە بەکار ناهێنن لە ترسی ئەوەی نەوەکو بنمیچە رزیوەکەی بەسەریاندا بتەپێت. ئەم دوو کچە و قوتابییەکانی تریش بەدەست نەبوونی ئاوی خواردنەوەوە و گیران و بۆگەنی ئاوەڕۆی سەرنەگیراوەوە دەناڵێنن.

نەبوونی ئاوی خواردنەوەی پاك لەم قوتابخانانەدا وای لە زۆربە قوتابیان کردووە کە بوتڵە ئاو لەگەڵ خۆیاندا بهێنن کە هەر زوو تەواوی دەکەن و دواییش بە درێژایی رۆژەکە بە تینوویەتی دەمێننەوە ئاوەکەش بە هۆی گەرماوە دەبێتە ئارەقە. لە لایەکی تریشەوە، قوتابییەکان ناتوانن نەدەست و نە چاویان بشۆن بە تایبەتیش دوای یاریکردنیان لە دەرەوە لە کاتی پشووەکانیان لە کەشێکی ناتەندروستدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی پیسبوونیان و مەترسی تووشبوونیان لێدەکرێت بە نەخۆشییەکانی هەناسە و زگچوون کە ئەمانەش لە کوشتنی منداڵانی عیراقدا بە پلەی یەکەم و دووەم بە شێوەیەکی رێزبەندی دێن.

خراپی سیستەمی ئاوی قوتابخانە و ئاودەستەکان لەو قوتابخانانە و سەدانی تریش لەسەرتاسەری عیراقدا کار دەکاتە سەر ئامادەبوونی قوتابیان لە قوتابخانە و چۆنایەتی پەروەردەی هەزاران منداڵی عیراقی کە ئەمەش وا لە هەندێکیان دەکات کە بۆ ماوەی چند رۆژ بانیش بۆ هەتاهەتایە قوتابخانە جێبهێڵن. بەگوێرەی رووپێویکی وەزارەتی پەروەردەش،


ئاودەستخانەکانی قوتابخانەی خاوەرناق پێش نۆژەنکردنەوەیان. *وێنە: یونیسێف*

زیاتر لە نیوەی تەواوی قوتابخانەکان بێ ئاو و ئاوەڕۆی تەندروستن و ئەمەش وا دەکات کە ئەو قوتابخانانەی ئاو و ئاوەڕۆیان هەیە باریان قورس بێت لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەمانە لە لایەن ٣ قوتابخانەی زیادەی ترەوە کە بە نۆرە دەوام دەکەن سەرباری رووخان و بەتاڵانبردنی قوتابخانەکانی تر.

لە ساڵی ٢٠٠٩شدا، بەشی پەروەردەی پارێزگای موسەننا داوای لە ڕێکخراوی یونیسێف کرد بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ئاو و ئاوەڕۆی ٥ قوتابخانە کە سیانیان لە قەزای ئەلخیزەر بوون، بە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەلخەوەرناق و ئەلفەسحاشەوە، و دووانی تریشیان لە قەزای رومەیسە بوون. دوای دابینکردنی داراییش لە لایەن کۆمەڵگەی ئەوروپییەوە، کارەکە لە ئابی ٢٠٠٩ دەستی پێکرد و کاری نۆژەکردنەوەش لە قوتابخانەکاندا لە ئاداری ٢٠١٠دا بە تەواوی کۆتایی پێهات.

نزیکەی ٢٠٠٠ قوتابی سەرەتایی ئەو ٥ قوتابخانەیە سوودیان لە نۆژەنکردنەوەی ٢٥ ئاودەست و ٣ تانکی و ٥٠ بەلوعە وەرگرت لەگەڵ دانانی ٣٠ تانکی تازەی ئاو و ١٠ ترومپای ئاو. لە قوتابخانەی ئەلفەساحەشدا، بنمیچێکی تازە بۆ ئاودەستەکان دروستکرا بەمەش هەم حەلیمە و هەم سوعاد و هەم قوتابییەکانی تریش دەتوانن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم ئاودەستانە بکاربهێنن.

سەبارەت بە خزمەتە تازەکانیش، عەلی قاسم بە دەربڕینی خۆشییەوە وتی "ئێمە بە فەراهەمکردنی ئاوی پاك و ئاودەستی تازە ئێستا ژیانێکی ئاساییمان هەیە. من بە هیوام لە ئایندەدا ببمە سیاسی یان وەزیری پەروەردە بۆ ئەوەی بتوانم قوتابخانەی هاوچەرخی وا دروست بکەم کە بۆ خوێندن گونجاو بن."

بە هەستکردن بەوەی کە خزمەتە تازەکان هانی



ئاودەستخانەکانی قوتابخانەی بەتول دوای نۆژەنکردنەوەیان. *وێنە: یونیسێف*

دەدەن لە سەر مانەوەی لە قوتابخانە، سوعاد ساڵح وتی "من بە هیوام کە ڕۆژێك بێت زۆر دەوڵەمەند بم بۆ ئەوەی یارمەتی هەژاران بدەم نەك هەر لە عیراق بەڵکوو لە تەواوی جیهاندا. من ئەو کاتە بەختیار دەبم کە بتوانم خەندە بخەمە سەر لێوی هەژاران."

سەرۆکی بەشی پەوەردەی موسەنناش عەبدول حوسێن موحەممەد جەواد وتی "لە تێکڕای ٤٤١ قوتابخانەی سەرەتایی پارێزگای موسەننا کە ١١٤٨٩٨ قوتابی لە خۆدەگرن و ١٢١ قوتابخانەی ناوەندی کە ٤٩٣٣ قوتابی لە خۆدەگرن، ٧٥٪ی قوتابخانەکانی ئەو پارێزگایە کۆنن و پێویستییان بە نۆژەنکرنەوە هەیە." ئەو نیگەرانییەوە درێژەی بە قسەکانیدا و وتی "هەرچۆنێك بێت، بەشی پەروەردە بایی ئەوەندە بودجەی نییە کە بتوانێت خزمەتگوزاری تازەی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ قوتابخانەکان دابین بکات."

ئێستا پڕۆژەیەکی ٧ ملیۆن یۆرۆیی، کە لەلایەن کۆمەڵگەی ئەوروپییەو داراییەکەی دابینکراوە، بۆ چاککردنی خزمەتەکانی ئاو و ئاوەڕۆی عیراقی لە ئارادایە. پرۆژەکە، کە داراییەکەی لەلایەن یونیسێفەوە و بە هاوبەشکاری لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی وەزارەتی کارە گشتییەکانی بەغداد و وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکراوە، توانای پارێزگا لەسەر پلانداناn و بەڕێوەبردن و گەشەپێدانی کەرتی ئاو و ئاوەڕۆی عیراقی بە هێز دەکات. لە لایەکی تریشەوە، پڕۆژەکە ئاوی پاك و ئاوەڕۆی تەندروست بۆ زیاتر لە ١٤٠٠٠ قوتابی لە ٣٠ قوتابخانە لە سەرتاسەری ٥ پارێزگایەکەدا دابین دەکات و یارمەتی حکومەتیش دەدات لەسەر بەدەستهێنانی "ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارە" لە عیراقدا بە تایبەتیش دەستەبەرکردنی لە ١٠٠٪ ی خستنەبەرخوێندن بۆ هەموو ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنی قوتابخانەدان (ئامانجەکانی ژمارە ٢ و ٣) لەگەڵ بەردەستخستنی زیاتر بۆ سەرچاوەی باشکراوی ئاو بۆ ٩١٪ی دانیشتوان لەو ڕێژە ٨٤٪ ەی کە ئێستا هەیەتی و هەروەها بەردەستخستنی خزمەتی ڕێکوپێکی ئاوەڕۆ بۆ ٩٦٪ی دانیشتوان لەو ڕێژە ٨٤٪ ەی کە ئێستا هەیەتی (ئامانجی ژمارە ٧).

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە جایا مێرثی لە یونیسێف، عیراق: jmurthy@unice..org



# نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی چارەسەرکردنی نەخوێندەواری لە عیراق دەدات




گەنجان و منداڵان بەشداری لە هەڵمەتی خوێندەواری لە هۆڕەکانی کەربەلادا دەکەن. *وێنە: یونیسکۆ*

دوو دەیە لە شەڕ و ئابلۆقەی ئابووری و بێبەشبوون کاری کردە سەر چۆنایەتی و هەبوونی پەروەردە کە لە ئەنجامدا و لەساڵی ١٩٩٠ەوە بە تەواوی لەناوچوو. ئەمەش بووە مایەی سەرهەڵدانی ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەواری لە وڵاتدا کە کاری کردە سەر گشت بوارەکانی ژیان وەك بێکاری و تەندروستی و بەشداریی مەدەنی و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی.

بە گوێرەی "شیکاری گشتگری بێدەرامەتی و ئاسایشی خۆراك لە عیراق بۆ ساڵی ٢٠٠٧"یش، لە هەر ٥ عیراقییەکی نێوان تەمەنی ١٠ بۆ ٤٩ ساڵە یەکێك نەخوێندەوارە. لە لایەکی تریشەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ڕێژەی نەخوێندەواری لە رووی جێندەر و تەمەن یان شارنشینی بەرامبەر بە لادێنشینی.

لە کاتێکدار بەرزی ڕێژەکەی دەگاتە ٢٤٪، نەخوێندەواری لە نێوان ژنانی عیراق دووچەندانەی هەمان ڕێژەیە لە پیاواندا کە تەنها بە ١١٪ مەزەندە دەکرێت.

بە هەمان شێوەش،بەو پێیەی ڕێژەکەی دەگاتە ٢٥٪، نەخوێندەواری لە لادێ زیاتر بەربڵاوە هەتا لە شار کە ڕێژەکەی تەنها ١٤٪یە. شایانی باسیشە، جیاوازیی خوێندەواری لە نێوان ژن و پیاوی لادێدا گەلێك زۆرە.

کاتێك کە داوای خوێندنەوەی بەدەنگی رستەیەك دەکەیت ئەوە هەست دەکەیت کە جیاوازیی نەخوێندەواری لە نێوان ژنانی شار و لادێدا زۆر گەورەیە. لە ڕاستیشدا، کەمتر لە ٥٠٪ی ژنانی لادێ کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ و ٢٤ساڵانەیە دەرکەوت کە خوێندەوارییان هەبێت بە بەراوورد لە گەڵ ٧٢-٨٠٪ ڕێژەی خوێندەواری لە نێوانی ژنانی هەمان تەمەنی شارنشین.

هەروەها، لە رووی نەخوێندەوارییەوە، جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان پارێزگاکانی عیراقدا هەیە. نزمترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگاکانی دیالە و بەغداد و کەرکوکە لەکاتێکدا بە گوێرەی مەزەندە پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی لە کوردستان عیراق و موسەننا و میسان و قادسیەش لە خواروو بەرزترین ڕێژەیان هەیە.

بە مەبەستی چارەسەکردنی گرفتی خوێندەواری لە عیراقدا، نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە چەندان بەرنامەی خوێندەواری دەکات کە لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بەڕێوەدەبرێن وەك ئەمانەی خوارەوە:

**١- بەرنامەی فێرکردنی خوێندەواری بۆ گەوران:** ئەم دەستپێشخەرییە بۆ ئەو قوتابیانەیە کە تەمەنیان لە نێوان ١٤ و ٤٥ ساڵدایە و پێشتر نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانە. بە تەواوکردنی بەرنامە ١٤ مانگییەکەش، ئەم قوتابیانە بڕوانامەیەکیان پێ دەدرێت کە هاوتای ئی پۆلی چواری خوێندنی فەرمییە. بۆ ئەم مەبەستەش، چەند پەرتووکێك بۆ زوبانی عەرەبی و ماتماتیك و ڕۆشنبیری گشتی بە یارمەتی ڕێکخراوی (یونیسکۆ) ئامادەکراوون.

**٢- بەرنامەی فێرکردنی خێرا:** ئەم بەرنامەیەش دەستپێشخەرییەکی ترە بۆ ئەو قوتابیانەی کە

تەمەنیان لە نێوان ١٢ و ١٨ ساڵانە و بۆ جاری دووەم دەچنەوە بەر خوێندن. ئەمە بەرنامەیەکی یەك ساڵییە و دەرفەت بە قوتابییە دەرچووەکان دەدات کە بۆ تەواوکردنی خوێندن بتوانن بچنە قوتابخانەی فەرمی. "بەرنامەی فێرکردنی خێرا"ش، کە وەك دەستپێشخەرییەکی ئەزموونی لە لایەن (یونیسێف) ەوە پشتگیری لێ دەکرێت،ئێستا سەرتاسەری عیراقی گرتووەتەوە.

**٣- بنکەکانی فێرکردنی کۆمەڵگا:** ژمارەی ئەم بنکە ئەزموونییانە کە لایەن رێکخراوی (یونیسکۆ)وە و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دامەزراوون دەگاتە ٨. هەریەکێك لەم بنکانە چەندان راهێنانی جۆراوجۆر سەبارەت بە شارەزایی ژیان و پیشەیی دەستەبەر دەکەن و بە هاوکاریی چڕوپڕی کۆمەڵگاکانیش بەڕێوەدەبرێن. ئەم بەرنامەیە بە زۆری بۆ ئەو ژنانەیە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ و ٤٥ دایە و واش بڕیارە کە لە ساڵانی داهاتوودا وا فراوان بکرێت کە گشت پارێزگاکانی عیراق بگرێتەوە.

**٤-بەتواناکردنی دەستپێشخەریی خوێندەواری:** ئەم دەستپێشخەرییە، کە لەلایەن خانمی یەکەمی قەتەر خاتوو شێخە مۆزا بینت ناسر ئەلمسێنیدەوە دارایییەکەی دابینکراوە، لە ساڵی ٢٠١٠دا لە لایەن رێکخراوی (یونیسکۆ)وە راگەیەندرا. ئەم دەستپێشخەرییە بەردەوام دەبێت لە بەهێزکردنی توانای حکومەتی عیراق و کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر دەستەبەرکردنی خوێندەوارییەکی درێژخایەن و توانابەخش.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر نەخوێندەواری لە عیراقدا ئەم بەڵگەنامەیە بخوێنەوە:

http://www.iauiraq.org/documents/1050/Literacy%20Day%20Factsheet_Sep8.pdf

1.پرۆگرامی خۆراکی جیهانیی ٢٠٠٧ CFSVA 2007 ، شیکردنەوەیەکی گشتگری ئاسایشی خۆراك و لاوازی ئاسایشی خۆراك لە عیراق. رێکخراوی WFP CFSVA لە لایەن هاوبەشی نێوان WFP و، رێکخراوی ناوەندی بۆ ژمێریاری و تەکنەلۆژیای زانیاری و، نوسینگەی ژمێریاریی هەرێمی کوردستان و پەیمانگای لێکۆڵینەوەی خۆراکی بە پشتگیری و هاوکاریی رێکخراوی یونیسێف UNICEF و، رێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ و رێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ژێر چاودێری وەزارەتی پلاندانان و هاوکاری پەرەپێدان/حکومەتی ناوەندی و وەزارەتی پلاندانان/هەرێمی کوردستان.
لینکی ئەم راپۆرتە:
http://home.wfp.org/stellent/groups/public/documents/ena/wfp192521.pdf

2.سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ منداڵان MICS، ٢٠٠٦.

3.پرۆگرامی خۆراکی جیهانی CFSVA، ٢٠٠٧.

## فێرکردن

# حکومەتی عیراق رەزامەندی بە بەرنامەی نیشتیمانیی پێدانی خۆراك بە قوتابخانەکان دا



کچانی قوتابی لە باقوبە و ناوەراستی عیراق چێژ لە خورما بۆ نانی بەیانیان وەردەگرن . *وێنە: رێکخراوی خۆراکی جیهانی*

*نوسینی: کارولین لوغرو، بەرنامەی خۆراکی جیهانی*

حکومەتی عیراق و بەرنامەی خۆراکی جیهانی بوون بە هاوبەش بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی نیشتیمانیی پێدانی خۆراك بە قوتابخانەکان و دەستپێشخەریی جێبەجێکردنەکەش بە بەشدارییکی ١٧ ملیۆن دۆلاریی ئەمەریکی بوو لە حکومەتی عیراقەوە.

بەرنامەی خۆراکی جیهانی WFP بەرنامەی پێدانی خۆراك بە قوتابخانەکان بۆ ساڵی ٢٠١٠-٢٠١١ جێبەجێدەکات بە دەستنیشانکردنی بێدەرەتانترین ناوچەکانی عیراق. رێکخراوەکە هەروەها توانای کارمەندانی وەزارەتی پەروەردەش پەرەپێدەدا بۆ ئەوەی بەرنامەکە لە مانگی ئەیلولی ٢٠١١ بۆ حوزەیرانی ٢٠١٢ و دواتر جێبەجێبکات.

لە عیراق بابۆڵەیەکی پڕ بەهای خۆراکی، کە لە لولەی خورما پێکهاتووە، بەسەر قوتابییانی سەرەتایی دابەشدەکرێت چونکە لولە خورما وزە بەخشە و بە کۆمەڵێك فیتامین و کانزادەوڵەمەند کراوە بۆ دڵنیابون لەوەی کە منداڵان بەهای خۆراکیی پێویستیان پێدەدەرێت چونکە لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە منداڵانی قوتابخانە فێربوونیان ئەستەمە بە بێ خۆراکی پێویست.

لەگەڵ پشتگیریکردنی پەرەپێدانی ناوخۆیی، WFP سەرقاڵی بە هێزکردنی تواناکانی پیشەسازیی خۆماڵییەکانە بۆ بەرهەمهێنانی خورما لە ناو عیراقدا. ئەمەش سودی زیاتری دەبێت بۆ ئابوری خۆماڵی لە رووی دابینکردنی کار و کڕینی خورما، ئارد، شەکر و شتی تر کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی خورما.

پێدانی خۆراك بە قوتابخانەکان بەشێکی سەرەکییە لە سیستەمی تۆڕێکی رێکخراوی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی بۆ عیراق و WFP دڵخۆشە بەوەی کە حکومەتی عیراق پێشەنگە لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە و لە دانانی پلانیش بۆ تەرخانکردنی بودجە بۆی لە ساڵەکانی ئایندەدا.

WFP پشتگیری وەزارەتی پەروەردە دەکات بە دابینکردنی ستراتیژییەکی گۆڕاو بۆ دانانی بنچینەیەك بۆ ستراتیژیەکی نیشتیمانیی پێدانی خۆراك لە قوتابخانەکان لە ئایندەدا، ئەمەش توانای حکومەت بەهێز دەکات بۆ نەخشەدانان و جێبەجێکردنی برۆگرامی هاوشێوە و بە گوێرەی ستاندەردە نێودەوڵەتییەکانی جۆریی پێدانی خۆراك بە قوتابخانەکان.

بەرنامەی WFP بۆ ژەمی قوتابخانە کاردەکات بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی هەزارەی پەرەپێدان. ئەم بەرنامانە بە شداریی راستەوخۆ دەکرن لە کەمکردنەوەی برسێتی بۆ نزیکەی نیوەی رێژەی برسێتی و بەدیهێنانی پەروەردەی سەرەتاییی جیهانی تا ساڵی ٢٠١٥ و ئەنجامدانی بەدیهێنانی یەکسانیی جێندەری لە پەروەردەدا تا ساڵی ٢٠١٥.

ژەمەکانی خۆراکی قوتابخانەکان سەرباری یارمەتیدانی نەهێشتنی هەژاری لە مەودای درێژخایەن، ، هاوکات دەبنە سەکۆیەکیش بۆ چارەسەرکردنی راستەوخۆی تەندروستی و خۆراکی منداڵان.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بە خاتو کارۆلین لێگرۆس بکەن لە WFP/عیراق: caroline.legros@wfp.org

# یەکەم روپێوی ژمێریاری تەندروستی نیشتیمانیی عیراق تەواو بوو



ڕێکخراو تەندروستی جیهانی و EMRO لەگەڵ چەند بەشداربوویەکی تر لە سەکۆیکارێك لە عەمانی ئەردەن لەسەر چوارچێوەی ناناوەندکردنی خزمەتە تەندروستییەکان
*وێنە: ڕێکخراو تەندروستی جیهانی*

یەکەم روپێوی ژمێریاری تەندروستی نیشتیمانیی عیراق NHA بە سەرکەوتوویی لە ئەیلولی ٢٠١٠ تەواوبوو. وەزارەتی تەندروستیی عیراقی بە هاوکاریی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی داتاکانە پێش شیکردنەوەیان لەسەر بنەمای ستاندارد و شێوازە نێودەوڵەتییەکان و پێشبینی دەکرێت ئەنجامە سەرەتاییەکان لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ دەربکەون.

ژمێریاری تەندروستیی نیشتیمانی NHA ڕاهێنانێکی گەڕانە بەدوای سەرچاوەکان کە وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ دەربارەی دارایی و ئابوریی چاودێری تەندروستی لە وڵات دەداتەوە. ئەم روپێوە لە عیراقدا بەدواداچوونی دارایی بۆ سیستەمی چاودێریی تەندروستیی دوای ساڵی ٢٠٠٨ دەکات. روپێوەکە مەودایەکی فراوانی بەشداربوانی داراییکردنی کەرتی تەندروستی لە عیراق دەگرێتەوە، بە کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بیمەی تەندروستی و خاوەن کارەکانیشەوە.

ڕێکخراوی WHO لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩ وە پشتگیری تەواوی لە وەزارەتی تەندروستی ك بۆ ئەنجامدانی راهێنانی ژمێریاری تەندروستی نیشتیمانی. دوای پەرەپێدانی ئامرازەکانی روپێوی NHA لەلایەن راوێژکاری WHO، ڕێکخراوی WHO چەند خولێکی راهێنانی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی لە ئاستی ناوەندی و پارێزگاکان لە هەر ١٨ پارێزگاکەی عیراق ئەنجامدا. ڕێکخراوی WHO مەشقی بە ١١٢ شارەزای عیراقی کرد لەسەر بیر و چەمکە بنچینەییەکانی NHA و هەروەها فۆرمی پرسیارەکان و میتۆدی روپێوکردن بۆ بەهێزکردنی توانای حکومەت بۆ ئەنجامدانی راهێنانی NHA لە ئاییندەدا بێ یاخود بە کەمترین پشتگیریی دەرەکی.

پێشبینی دەکرێت راپۆرتی کۆتایی NHAکۆمەڵە داتایەکی گشتگر سەبارەت بە ڕەوتی پارەبەخشین بۆ سیستەمی چاودێریی تەندروستی لە عیراق دابین بکات وەك سەرچاوە و بەکارهێنانی داراییەکان. ئەم زانیارییانە دەتوانن یارمەتیی بڕیاربەدەستانی عیراق بدەن لە باش تەرخانکردنی سەرچاوە بۆ چاودێریی تەندروستی. ■



# پەیامی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی دیموکراسییەوە



ژنە دەنگدەرەکان ناوی خۆیان لە بنکەیەکی تۆمارکردنی بەغداد تۆمار دەکەن .
*وێنە: راگەیاندنی یونامی*

بە بۆنەی سێهەمین ئاهەنگگێڕانی ڕۆژی جیهانیی دیموکراسی کە لە سەرتاسەری جیهاندا لە ڕۆژی ١٥ی یەیلول ئەنجام یاد دەکرێتەوە، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نە تە وە یە کگرتووە کان ئاد مێلکەرت پەیامێکی ئاراستەی خەڵك و سەرکردە عیراقییەکان کرد کە تێیدا بەڕێزی پێداگری کرد لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی ٣ چەمکی بناغەیی لە خۆ دەگرێت کە "یەکەمیان بریتییە لە داننان بەوەی کە لە هەرشوێنێك خەڵك کۆمەڵگاکان بە یەکەوە ژیان ئەوە شەڕی بەژەوەندی دەست پێدەکات کە ئەویش پێویستە بە شێوەیەکی ئاشتییانەو لەسەر بنەمای یاسا چارەسە بکرێت. دووەمیش بریتییە لە مافی هەر تاکێك لە هە ڵبژاردنی حکومە ت و شێوازی حوکمکردن کە پشت ئەستوورە بە مافە ڕەواکانی وە ك ئازادیی رادە ربڕین و بە یە کە وە بوون و بە شداری یە کسانانە ی ژنان و پیاوان. سێهە میش بریتییە لە رەخساندنی هەل لە ڕێگەی قەڵاچۆکردنی هەژاری و بەردەستخستنی خزمەتی پەروەردە و تەندروستی و جێنشینکردنەوە."

وێڕای پێداهەڵگوتنی بە هەڵبژاردنی ٧ی ئادار وەك "بە ردە بازێك بە رە و بە دە ستهێنانی ئە م ئازادییە بنە ڕە تییانە "، بە ڕێز مێلکە رت پرۆسە ی دواهەڵبژاردنی بە "هەلی ژیان" بۆ عیراقییەکان بۆ دروستکردنی ئایندەیان ناوزەد کرد. ئەو هەروە ها ئەوەشی راگەیاند کە "گفتوگۆیە دوورودرێژە کان سەبارەت بە دەستوور و هەڵبژاردن و حکومەت پێکهێنان گرنگن ئەگەر ئەنجامەکانیان ببنە مایەی فەراهەمکردنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئارامی و ئاسایش و لە راستیشدا پیادە کردنی ئە م جۆرە دیموکراسییە باشترین مەرج بۆ بەدەستهێنانی ئەمە دە ستە بە ر دە کات. نە تە وە یە کگرتووە کان ، بە پێشکەشکردنی یارمەتی ، لەگەڵ خەڵکی عیراقە بۆ دروستکردنی دیموکراسی بۆهەموو لایەك."

# یونێسکۆ داوای یەکخستنی تواناکان دەکات بۆ برەودان بە خوێندەواری لە عیراق

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی خوێندەواری کە ساڵانە لە ٨ی ئەیلول یادی دەکرێتەوە، یونێسکۆ داوای لە دامەزراوە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد تواناکانیان یەکبخەن بۆ برەودان بە خوێندەواری بۆ هەموان وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنێکی درێژخایەن و گشتگر لە عیراق.

ئێرینا بوکۆڤای بەڕێوەبەری گشتیی یونێسکۆ لە پەیامێکدا بەو بۆنەوە وتی، "من ئەم دەرفەتە

دەقۆزمەوە بۆ بانگەوازکردنی حکومەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و کەرتی تایبەت بۆ زیاترکردنی پشتگیرییان لە خوێندەواری." "خوێندەواری و بەتواناکردنی ئافرەتان" سەرباسی ئەمساڵی یادکردنەوەکانە کە جەخت دەکەنە سەر گرنگیی خوێندەواری و یەکسانیی جێندەری وەك یەکێك لە سەرلیستە ستراتیژییە جیهانییەکان بۆ پەرەسەندنی بەردەوام.

موحەممەد جیلیدی بەڕێوەبەری نوسینگەی عیراقی یونێسکۆ وتی، "خوێندەواری ئامرازێکی پێویستە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی ئاشتی." هەروەها وتی، "بەدیهێنانی ئامانجی خوێندەواری و کەمکردنەوەی نەخوێندەواری بە ڕێژەی ٥٠٪ تا ساڵی ٢٠١٥ دەوستێتە سەر پەرەپێدانی ستراتیژێکی کاریگەر و جێبەجێکردنی ساسەتگەلی گشتگر بۆ خوێندەواری."

بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندەواری، حکومەتی عیراق کتێبی نوێی



وێنەی هۆر: گەنجان و منداڵان بەشداری لە هەڵمەتی خوێندەواری لە هۆرەکاندا دەکەن. وێنە: یونیسکۆ

خوێندەوارکردنی پەرەپێداوە و بەرنامەگەلی فێرکردنی خێرای هێناوەتە ئارا و ناوەندی نوێی خوێندەوارکردنیشی کردووەتەوە. بەهەر حاڵ، یەکسانی لە دەستپێگەیشتن و ئامادەبوون هێشتا ئاستەنگی بەردەم پێشکەوتنی خوێندەوارین لە عیراق.

بۆ یارمەتیدانی عیراق لە بەرەنگاربوونەوەی ئم ئاستەنگانە، نوسینگەی یونێسکۆ لە عیراق لە ٢٠١٠ (دەستپێشخەریی خوێندەواری بۆ بەتواناکردن Literacy Initiative for Empowerment/LIFE)ی بۆ عیراق دەستپێکرد بە دارایی نوسینگەی خانمی یەکەمی قەتەر خاتوو شێخ مۆزەی کچی ناسر ئەلمیسنەد و نێردراوی تایبەتی یۆنێسکۆ بۆ خوێندی بنەڕەتی و باڵا. دەستپێشخەریی خوێندەواری بۆ بەتواناکردن پرۆژەیەکی چوار ساڵییە بە بودجەی شەش ملیۆن و سێسەد هەزار دۆلاری ئەمریکی و بەشداری لە بەهێزکردنی تواناکانی حکومەتی عیراق و کۆمەڵگای مەدەنی دەکات بۆ گەیاندنی خوێندەوارییەکی بەردەوام و بەهێزکەر بە هەموان.

# ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەشداریدەکات لە باشکردنی خزمەتگوزاریی گواستنەوەی خوێن لە عیراق



خولی ڕاهێنان تایبەت بە ستافی سەنتەری نیشتیمانیی عیراقی بۆ گواستنەوەی خوێن، لە عەممان. وێنە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی

وەزارەتی تەندروستیی عیراق بە هاوکاریی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و فەرمانگەی بانکی خوێنی ئەردەنی لە ١٩ی ئەیلول ٤ خولی ڕاهێنانی دەستپێکرد بۆ ٥٠ کادری تەندروستیی عیراقی کە لە ناوەندی نیشتیمانیی عیراقی بۆ خوێن گواستنەوە و بانکە هەرێمایەتییەکانی خوێن کاردەکەن. چوار خولەکەی ڕاهێنان کە هەر یەکەیان ٣ هەفتە بوون ئامانجیان زیاترکردنی بەهرە تەکنیکی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پیشەگەرە عیراقییەکان بوو بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتیی خوێن و بەرهەمەکانی و بۆ باشتر بەکارهێنانی خوێن بۆ تەندروستیی نەخۆش.

فەرمانگەی بانکی خوێنی سەر بە وەزارەتی تەندروستیی ئەردەنی میوانداریی ڕاهێنانەکەی کردبوو و داراییەکەشی یەکێتیی ئەورووپا دابینی کردبوو وەك بەشێك لە پرۆژەیەکی سێ ساڵی بە بەهای ١٣ ملیۆن یۆرۆ بۆ بەهێزکردنی (خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتمەندەکان لە عیراق) کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ دەستی پێکردووە.

حکومەتی عیراق لەم چەند ساڵی دوایدا بڕیاری ستراتیژیی داوە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی خوێن. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیش بۆ پشتگیریی ئەو هەوڵانە و بە هاوکاریی تەواو لەگەڵ بانکی خوێنی ئەردەنی، کە ناوەندێکی هاوکاریی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییە، پشتگیریی تەکنیکیی پێویست پێشکەشی حکومەتی عیراق دەکات بۆ بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی خوێن، بە دروستکردن و باشترکردنی تواناکانی پیشەگەرانی بواری تەندروستیی عیراقیشەوە لە هەموو ئاستەکاندا.

# بەشداربوانی سەرەکی ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر ڕاسپاردەکانی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە کوبونەوەیان لە بەرواری ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٠ لە هەولێر، نوێنەرانی هەربەك لە پەرلەمانی کوردستان و، حکومەتی هەرێمی کوردستان و، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان و هەروەها ڕێکخراوە ناحکومییەکانی نێودەوڵەتی ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر ڕاسپاردەکانی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش سازدانی مێزگردێکی سێ ڕۆژی لەسەر هەمان بابەت بە لە خۆگرتنی هەمو بەشداربوانە سەرەکییەکان.

پاش ئامادەکارییەکی زۆر، کۆنفرانسی مێزگردی سێ ڕۆژی پشتگیریکراو لە لایەن شارەزا نێودەوڵەتییەکان بەشداربوانی دابین کرد بە هەلی گفتوگۆکردنی وردی مەرجەکانی ئەم پرۆژەیاسایە. تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و، گەرەنتیە یاساییەکان بۆ پاراستنی بێلایەنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و، یاساکانی قەدەغەکردنی دەست تێوەردان بە کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە لایەن لایەنی دەسەڵاتدار یاخود پارتە سیاسییەکانەوە ئاستەنگی ڕێکخراوی سەرەکیی ئەم پرۆژەیاسایەن. لە کاتی پەسەندکردنی ئەم پرۆژەیاسایە، یاسایەکی پێشکەوتو کە ئەم مەرجانەی لە خۆگرتوە یارمەتی مسۆگەرکردنی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات.

مێزگردەکە ڕێکخرا لە لایەن ڕێکخراوی یونۆپس UNOPS و، ناوەندی نێودەوڵەتیی یاسای قازانج نەویست ICNL لەگەڵ داراییی وەرگرتن لە یەکێتی ئۆروپی EU و، حکومەتی فنلندا و لایەنی بەخشندەی تر لە ڕێگەی کۆمەکی دڵنیای عیراقی UNDG و هەروەها نوسینگەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا. نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی و، بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و، لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیی ماوە تەواوکراو و، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی و چاودێرە نێودەوڵەتییەکانیش ئامادەی مێزگردەکەبون.

ئەنجامی مێزگردەکە سودی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دە بێت لە کاری ئاینده یان لە سە ر پرۆژەیاساکان بەر لە خوێندنەوەی دووەم و کۆتایی یاساکە.

# نـەتـەوە یـەكگرتـوەكـان لـە كرداردا

- ♦ ڕێكخـراوی یۆنـسكۆ UNESCO و یونیـسێف UNICEF دەستیان كرد بە یـەكـەم وۆركشۆپی نیشتیمانی بـۆ پـەروەردە لـە ژێـر ناونیـشانی "بەرنامەی تازەكردنی كەرتی گشتیی عیراقی" كـە دارایی لـە یـەكێتی ئۆروپییـەوە وەرگرتوە. وۆركشۆپەكـە، كـە لـە بـەرواری ٢٣ ـ ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٠ لە هەولێر ڕێكخرابو، توانـی بۆ یەكەم جار ڕاوێژكارانی وەزارەت و سـەرۆكی زانكۆكـان و بـەڕێوەبـەرانـی بـەڕێوەبـەرایـەتـی پـەروەردە لێك نزیك بكـات بـۆ پێشكەشكردنی پێكهاتـەی ئێستای كـەرتـەكـە و گفتوگۆكردنـی ویست بۆ شیكردنەوەی قووڵـی وەزارەتـەكانـی بـەرپرس لـە گـەیاندنی پـەروەردەی جۆری لـە عیراق.

- ♦ وەك بـەشێك لـە كۆشش و ڕەنجـی خـۆی بۆ یارمـەتیدانی حكومـەتـی عیراقـی و كۆمـەڵگـەی مـەدەنـی بۆ ڕێكخستنی هـەڵمـەتـی خوێندەواریـی نیشتیمانی، یۆنـسكۆ بـەرنامـەیـەكـی بـەخشینی ئـەنجـام دا بـە بۆنـەی ڕۆژی خوێنـدەواریـی نێـودەوڵـەتـی (٨ی ئـەیلـولـی ٢٠١٠) بـۆ بـەگـەڕخستنی كۆمـەڵگـەی مـەدەنـی بـەرەو پـەرەپێـدانی سـتراتیژیەكـی خوێنـدەواریـی نیشتیمانی بۆ عیراق دا. هەرچـەندە بـەرنامـەكـە تـەنهـا ١٣ ڕێكخـراوی نـاحكومیی نیـشتیمانی عیراقـی كـردە ئامـانج بـەڵام زیـاتر لـە ٦٠ ڕێكخراوی نـاحكومیی نیشتیمانی بـەشداری لـە دەستپێشخەرییەكەیان كرد و خۆیان بەگەڕخست بۆ ئامادەكردنـی گفتوگۆیـەكـی گشتی لـەسـەر ستراتیژیی خوێندەواری نیشتیمانی و بـەتایبـەتـی لـەسـەر بابـەتـی خوێنـدەواری بـۆ تواناسـازی ئافرەتان. بەگشتی چالاكییـەكانی داكۆكیكردن و بـەرزكردنـەوەی هۆشیاری، كـە لـە كۆتایـی هـەفتـەی مـانگی ئـەیلول لـە عیراق ئـەنجـام درا،زیاتر لە ٢٧٠٠٠ خەڵكی لە خۆ گرتبو وەك كەسانی خۆبەخش و ئافرەتانی نـەخوێندەوار و گەنجان و سەرۆكی كۆمەڵگاكان و مامۆستایان و نوێنەرانی دام و دەزگا حكومییەكان.

- ♦ لە ٤ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٠ یۆنسكۆ دەست بە ڕوپێوەكی زانستی كرد تایبەت بە ئاوی ژێر زەویی عیراق بۆ یارمەتیدانی توانـای حكومـەت بۆ چارەسەركردنی كەمی ئاو لە وڵات. پێشبینیٚ دەكرێت ڕوپێوەكە سامانی داتـای نویٚ لـەسـەر باری ئاوی ژێر زەوی دابین بكات بۆ ئـەوەی توانـای حكومـەت بـە هـێز بكـات بـۆ چـارەسـەركردنێكی گونجاوی گرفتی ئـاو لـە شـوێنی زۆر پێویـست. هـەروەهـا پـرۆژەكـە یارمـەتـی باشـتركردنی پلانـدانانی پـرۆژە نوێیـەكـانی كـشتوكاڵ و بـەتواناكردنـی چارەسەركردنێكی پارێزراوی حەوزی ئـاوی ژێر زەویی عیراقی دەدات.

- ♦ ڕێكخـراوی UNDP ڕاهێـنـانێكی ڕێكخست بۆ ئـەفسـەرانـی پۆلیسی عیراقی لـەسـەر چۆنیێتی دابینكردنی هاوكاری بۆ قوربانیانی توندوتیژیی جێنـدەر بـۆ باشـتركردنی كـاری یـەكـەكـانـی پشتگیریی خێزان. هەروەها ڕاهێنانەكە گفتوگۆ لـەسـەر چوارچێوەی یاسایی چارەسـەركردنـی تونـدوتیژیی جێنـدەر لـە عـیراق كـرد بـۆ دەستنیـشانكردنی چۆنیێتی چـارەسـەركـردن و پڕكردنـی كەم و كوڕیەكـانی بنـەما یاساییەكانـی ئێـستا بـۆ نـەهێـشتنی تونـدوتیژیی جێنـدەر لـە عیراقـدا. ڕاهێنانـەكـە لـە لایـەن ئـەفسـەرەكانـی پۆلیس لە ئوردن ئەنجام درا.

- ♦ ڕێكخـراوەكـانی UNDP و WHO كۆمـەڵێك وۆركـشۆپییان ڕێكخـست بـۆ عـیراق وەك كۆمەكی جیهانی بۆ هاوكاری Global Fund for AIDS و نەخۆشی سیل و مەلاریا بە كۆی گشتیی دارایی ٣٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریكی بۆ ئـەوەی بـەكـار بێت بۆ پێنـج سـاڵی داهـاتو بۆ نـەهێشتنی ئەم نەخۆشییانە لە عیراقدا.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەكانیش مەرج نییە دەربڕی ڕای نەتەوە یەكگرتووەكان یان یونامی بێت. بابەتەكان ئازادانە بڵاو دەكرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بكەن بە
unami-information@un.org

سەرۆكی نوسینگەی ڕاگەیاندن / وتەبێژ: ڕادیە عاشوری
جێگری سەرۆكی نوسینگەی ڕاگەیاندن/ وتەبێژ: ئیلیانا نەبعە
سەرۆكی بەشی بڵاوكراوەكان: عائیشە بەسری
نوسیار: ڕەندا جەمال
نوسیار: لەیلا شەمجی
دیزان و گرافیك: سالار بریفكانی

## نەتەوە یەكگرتووەكان لە عیراق یادی ڕۆژی جیهانیی ئاشتی لە هەولێر دەكاتەوە












